# خوێندنەوەی کتێبی "کاریگەریی نەست..."ی عەلی وەردی کە خانەی وەرگێڕان چاپیکردووە

**خوێندنەوەی: مەم/ ڕاگەیاندنی خانەی وەرگێڕان**

khanaywargeran@yahoo.com

کتێبی "کاریگەریی نەست یان نهێنییەکانی کەسێتیی سەرکەوتوو" کە لەنووسینی کۆمەڵناسی عیراق دکتۆر عەلی وەردییەو سەمەد زەنگەنە لەعەرەبییەوە کردوویەتی بەکوردی، لەدووتوێی "225" لاپەڕەدایەو بەزنجیرە (5) ی چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتیی خانەی وەرگێڕانی سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری بەچاپگەیاندراوە، سەرباری پێشەکییەکی نووسەر، بەسەر پێنج بەشدا دابەشکراوەو لەهەر بەشێکیشیدا نووسەر ڕۆشنایی خستووەتە سەر چەندین بوارو لایەنی دەروونناسیی‌و لەمبارەیەوە ڕۆچووە بەناو نەست وەك لایەنێکی گرنگی مرۆڤ.

ئەم کتێبەی عەلی وەردی لەنهێنییەکانی بلیمەتیی‌و سەرکەوتنەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوەو لەکاریگەریی هێزە شارراوەکانی نەست (لاشعور) دەدوێ، کە لێکۆڵینەوەکەیشی لەدیدێکی تیۆریی زانستییەوە سەرچاوەی گرتووە.

لەپێشەکییەکەی‌دا بۆ لێکۆڵینەوەکەی، عەلی وەردی باس لەوە دەکا ماوەی دوو ساڵ خەریکی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەبووەو پێشوەخت ئاماژە بەوەدەکا: لەم کتێبەدا نایەوێ قەناعەت بەکەس بێنێ سەبارەت بە ئەو شتانەی کە دەیانخاتەڕوو، بەڵکو گرنگ ئەوەیە خوێنەر خۆی سەبارەت بە دیدوبۆچوونەکانی قەناعەت بکات. . دواتر لێکۆڵیار جەخت لەوە دەکا کە مەسەلەی "هەرچ کەسێك سووربێت لەسەر شتێك بەدەستی‌دێنێ"، لەقسەیەکی پڕوپوچ بەولاوە چیتر نییە" کە زۆربەمان بووینەتە قوربانی ئەو پرەنسیپە بێبنەمایە کە "وەردی" خۆی یەکێكبووە لەو کەسانە. هەروەك چۆن لەم پێشەکییەی‌دا، باسی‌دەکا. هەربۆیە، دواتر نووسەر ئەوە دەخاتەڕوو وشەی "خۆ ماندوکردنی زۆر، هەوڵ‌و تێکۆشان‌و. هتد" ئەو کارانە دژو پێچەوانەی "پاڵنەرە ناهەستییەکان"ن، هەروەك چۆن دواتر لەبەشەکانی ئەم کتێبەی‌دا بەوردی لەسەر ئەم لایەنە قسەدەکا. بۆیە هەر لەم پێشەکییەی‌دا عەلی وەردی جەخت لەوەدەکاتەوە: ئەو کەسەی سووربێت لەسەر جێبەجێکردنی کارێك، زۆر هەڵە دەکاو کەمیش سەرکەوتوو دەبێت، بۆیە پێی‌وایە زۆربەی هۆکارەکانی سەرکەوتن‌و باڵادەستیی مرۆڤ لەئیلهامەکانی نەست‌و گوێگرتن لەسروشەکانییەوە سەرچاوەدەگرن. .

هەر لەم پێشەکییەی‌دا بۆ لێکۆڵینەوەکەی، لێکۆڵیار ئاماژە بەوەدەکا: لەم لێکۆڵینەوەیەی‌دا کە دەربارەی "کاریگەریی نەست یاخود نهێنییەکانی کەسێتیی سەرکەوتوو"ە، باس لەسیستمی سیاسیی‌و ئابوری ناکاو تەنها دەیەوێ ڕۆبچێتە ناو قوڵایی دەروونیی مرۆڤەوەو بەهۆکارو پاڵنەرە نەستییەکانی مرۆڤمان ئاشنابکا کە دەبنە هۆی سەرکەوتنەکانی هەر مرۆڤێك‌و باڵادەستیی بەسەر ئەو کەسانەی تردا کە لەهەمان بارودۆخی ئەودا دەژین.

عەلی وەردی وەك کۆمەڵناسێك‌و هەروەها دەروونناسێکیش کە بڕوای زۆری بەتوانای "نەست" هەیە لەمرۆڤدا، کە دواتر نەستیش کاریگەریی بەسەر ماددەوە هەیە، هەر لەپێشەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیەی‌دا، ڕەخنەی توند لەزاناکانی سەدەی نۆزدەیەم دەگرێ‌و سەدەی نۆزدەیەم بەسەدەی لەخۆباییبوونی زانست ناو دەبا، چونکە بەبۆچوونی خۆی (واتا عەلی وەردی) زاناکانی ئەو سەدەیە باوەڕیان بە "ماددە" هەبووەو هەرچ شتێك ئەگەر لێکدانەوەی ماددی بۆ نەکرایە نکوڵیان لێدەکرد. .

سەبارەت بەگرنگیی هێزە دەروونییەکان لەمرۆڤدا، هەر لەم پێشەکییەدا نووسەر ئاماژە بەوە دەکا: لەمێژووی بیری مرۆڤایەتییدا دوو کودەتای گرنگ هەن، کە یەکەمیان دۆزینەوەی هێزە ناوەکییەکانەو ئەوی تریشیان دۆزینەوەی هێزە دەروونییەکانە.

هەر لەم پێشەکییەی‌داو بۆ زیاتر خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکەی‌و گرنگیی لێکۆڵینەوەکەی، عەلی وەردی باس لەدوو جیاوازی دەکا کە لەکاتی خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکەی‌دا لەلای خوێنەر دروستدەبێ، یەکەمیان لەوەدایە نووسەر هەوڵی‌داوە لێکۆڵینەوەکەی دوورو نزیك پەیوەندی بە ڕێڕەوە ئایینی‌و ڕۆحییەکانەوە نەبێ‌و لایەنەکەی تریش ئەوەیە نەیویستووە وەك لێکۆڵیارانی‌تر بابەتی هێزە دەروونییەکان بوروژێنێ‌و وازی لێبهێنێ، بەڵکو هەوڵیداوە ئامانجی ئەو بابەتە –واتا هێزە دەروونییەکان– لەگەڵ واقیعی ژیانی ڕۆژانەدا بگونجێنێ. بۆیە کاتێك خوێنەر بەوردی هەر پێنج فەسڵەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیەی عەلی وەردی لەگەڵ ئەنجامەکەی‌دا دەخوێنێتەوە، بەوردی هەست بەو دوو جیاوازییە دەکا کە نووسەر لەم پێشەکییەی‌دا ئاماژەی بۆ کردووە.

هەر لەم پێشەکییەداو سەبارەت بەئەقڵی ناوەوە، کە نەستە، نووسەر باس لەوە دەکا: بۆ لێکدانەوەی ئەقڵی ناوەوە لێکۆڵیاران بۆچوونی جیاوازیان هەیە، تەنانەت هەندێکیان بۆچوونەکانیشیان لەمبارەیەوە دژ بەیەکە، ئەمە سەرباری ئەوەی کۆمەڵێك زانای دەروونناسی نکوڵی لەبوونی ئەقڵی ناوەوە دەکەن، بۆیە هەر لەمبارەیەوە عەلی وەردی پشتگیریی لەو بۆچوونە گرنگەی دکتۆرو زانای دەروونناس "سیگمۆند فرۆید" دەکا کە وتوویەتی: "مرۆڤ خاوەنی دوو ئەقڵە، دەرەوەو ناوەوە، ئەو هۆکارو رووداوانەیش لەئەقڵی ناوەوەدا روودەدەن، مرۆڤ هەستیی پێناکا".

هەر لەم پێشەکییەداو سەبارەت بەکاریگەریی لایەنی دەروونیی بەسەر مرۆڤەوە، عەلی وەردی ئاماژە بەوە دەکا هەرچەند مرۆڤ گرێ دەروونییەکانی کەمتربێ، ئەوەندە دەتوانێ لەهێزە نائاساییەکان سوود وەربگرێ.

* * *

فەسڵی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەی عەلی وەردی بۆ قسەکردن لەسەر چوارچێوە فکرییەکان تەرخانکراوە، کە تیایدا نووسەر باس لەوەدەکا مرۆڤ ناتوانێ بەشێوەیەکی تەواو لەبیرکردنەوەکانیدا لەچوارچێوە فکرییەکەی دەربازبێ، چونکە کۆمەڵێ کۆت و پێوەندی دەروونی و کۆمەلایەتی و شارستانی لەقاڵبیانداوە و مرۆڤ کاتێك بیردەکاتەوە، هەست بەو کۆت و بەندانە ناکا، چونکە لەقوڵایی نەستەوە هەڵدەقوڵێن، هەرچەندە مرۆڤ بۆ خۆی وا دەزانێ، یان وا هەست دەکا لەبیرکردنەوەکانیدا ئازادە، بەڵام بەهەموو شێوەیەك و لەهەموو لایەکەوە پێوەندکراوە.

بۆ قسەکردن و زیاتر روونکردنەوەی چوارچێوە فکرییەکان، نووسەر لەم بەشەدا جیاکارییەکمان سەبارەت بەخوێنەوارو روناکبیر بۆ دەخاتەروو، و پێیوایە خوێندەوار تەنها ئەو شتانە فێربووە کە لەچوارچێوە فکرییەکەی ناچێتە دەرەوەو لەمناڵییەوە لەسەری راهاتووەو هیچ شتێکی نەخستووەتە سەر بوارە زانستییەکانی، بەڵام روناکبیر بەنەرمو نیانی بۆچوونەکانی دەناسرێتەوە، هەروەها ئامادەباشی هەیە بۆ وەرگرتنی هەموو بیرێکی نوێو هەڵبژاردنی راستییەکان لەو بیرە نوێیەدا.

هەر سەبارەت بەچوارچێوە فکرییەکان، کە ئەم فەسڵەی بۆ تەرخانکراوە، نووسەر لەم فەسڵەدا ئاماژە بەوەیش دەکا: هەندێ کەس نکوڵی لەبوونی ئەو چوارچێوە فکریانە دەکەن کە دەوری ئەقڵیان داوە. و دواتر سەبارەت بەئەقڵ و چوارچێوە فکرییەکان و کاریگەرییان بەسەر بەرهەمهێنانەوە، لێرەداو لەم فەسڵەدا، لێکۆڵیار باس لە"ولیەم جێمس"ی فەیلەسووفی بەناوبانگی ئەمەریکی دەکا کە بڕوای وابووە ئەقڵ ناتوانێت بیرکردنەوەی بەرهەمهێنی هەبێ، ئەگەر لەروانینەکانیدا لایەنگری نەکا، واتا ئەقڵ ناتوانێ ببێتە خاوەن توانایەکی چاك، ئەگەر لەو شتانەی بیریان لێدەکاتەوەو دەیانبینێ هەڵنەبژێرێ و ئەوانی تر پشتگوێنەخات.

هەر لەم فەسڵەدا، لێکۆڵیار باس لەسەردەمی گریك دەکاو ئاماژە بەچەند بۆچوونێکی جیا دەکا لەو سەردەمەدا کە لەلایەن فەیلەسووف و بیرمەندەکانی ئەو قۆناغە مێژووییەوە سەبارەت بە بابەتە فکرییەکان لەئارادابوون، کە جیاوازیی زۆر هەبووە لەدیدو بۆچوونەکانی فەیلەسوفانی ئەو سەردەمەدا سەبارەت بەبابەتە فکرییەکان" بەوەی ئایا بابەتە فکرییەکان حەقیقەت دروستدەکەن، یاخود حەقیقەت بابەتە فکرییەکان دروستدەکا، هەربۆیە لەمبارەیەوە عەلی وەردی چەند بۆچوونێکی جیا دەخاتەروو دواتر رای خۆیشی لەمبارەیەوە دەخاتە روو کە هەریەك لەئێمە حەقیقەتی تایبەت بەخۆی هەیەو دەشێ حەقیقەت بە هەرەمێکی چەند روو بشووبهێنرێ، کە مرۆڤ نەتوانێت لەیەك کاتدا لەروکارێکی زیاتر ببینێ.

هەر لەم فەسڵەداو سەبارەت بەچوارچێوە فکرییەکان، لێکۆڵیار باس لەوەدەکا: چوارچێوە فکرییەکان ناهەستین، واتا بەرهەمی لاشعورن، بەو مانایەی مرۆڤ ناتوانێ دەسەڵاتی بەسەر شتێکدا هەبێ کە لەدەرەوەی هەستەوەرەکانی یاخود لەدەرەوەی شعوری‌دابن. هەربۆیە، عەلی وەردی لێرەدا دەیەوێ چوارچێوە فکرییەکان لەنەستەوە بخاتە ناو فەزای هەستەوە، ئەمەیش بۆ ئەوەی خوێنەر لەوە بگات کە چ شتێك ئەقڵی کۆت و بەند کردووەو دیدو بۆچوونەکانی سنووربەندکردووەو بەربەستی خستووەتە رێگای سەرکەوتنەکانیەوە. هەربۆیە لەمبارەیەوە کۆمەڵناسی عێراقی عەلی وەردی ئاماژە بەسێ جۆر کۆت و بەند دەکا کە دەوری ئەقڵی مرۆڤیان داوە، ئەوانیش: کۆت و رەهەندە "دەرونی، کۆمەلایەتی و شارستانی"یەکانن.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی چوارچێوە فکرییەکان و هەر لەم فەسڵەدا، عەلی وەردی باس لە "بلیمەتی" دەکاو پێیوایە هاوشێوەییەك هەیە لەنێوان دەرکەوتەکانی بلیمەتی و شێتیدا، و کەسی بلیمەت لەحاڵەتی ناهەستی‌دا کەسێتییەکی تری هەیە کە جیاوازە لەکەسێتییە ئاساییەکەی خۆی و بلیمەتی دەرچوونە لەخودو چوونە ناوەوەی جیهانێکی ترەو هەروەها سەبارەت بەکاریگەریی چوارچێوە فکرییەکان لەدەروستبوونی کەسی بلیمەتدا، لێرەدا نووسەر ئاماژە بەوە دەکا: هەر کەسێ پابەندی چوارچێوە فکرییەکانی ببێ و لەسەر بنەماکانی پێکهاتە کۆمەلایەتی و شارستانییەکانی راهاتبێ، زۆر زەحمەتە ببێتە کەسێکی بلیمەت. هەربۆیە، نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە چوارچێوە فکرییەکان لەگرێ دەروونی و داب ونەریتە کۆمەلایەتی و بەها ئەخلاقییەکان

پێكهاتووەو ئەوانەیش دەبنە بەربەست لەبەردەم داهێنانێكی گەورەدا. بۆیە بلیمەت وەك كەسێكی داهێنەر پابەندنابێ بە چوارچێوە فكرییەكانەوە، هەربۆیە لێرەدا پێناسەیەكی سێ فەیلەسووفی گەورەی وەك "شۆپنهاوەر"ی ئەڵمانیو "برگسۆن"ی فەڕەنسیو "توینبی"ی بریتانی، لەلایەن عەلی وەردییەوە دەخرێنە روو، كە پێیانوابووە: "بلیمەتی دەرچوونە لەخودو رۆچوونە بەقوڵایی جیهانێكی بەرزو فراوانتردا". هەربۆیە دواترو هەر لەم فەسڵەدا، عەلی وەردی بەخێرایی ئاماژە بەدیدو بۆچوونی ئەو سێ بیرمەندە دەكا سەبارەت بە بلیمەتی، ئەمەیش بۆ ئەوەی باشتر چوارچێوە فكرییەكان شیبكرێنەوە. .

سەبارەت بە بۆچوونی "شۆپنهاوەر" دەربارەی بلیمەتی، نووسەر باس لەوە دەكا بەبڕوای "شۆپنهاوەر": مرۆڤ هەرچەندێك كۆمەڵایەتیتربێ، ئەوەندە لەبلیمەتی دووردەكەوێتەوە، بۆیە عەلی وەردی پێیوایە بەلای "شۆپنهاوەر"ەوە، ژن خاوەنی توانایەكی گەورەیە، بەڵام ناتوانێ ببێتە كەسێكی بلیمەت.

دەربارەی "برگسۆن"ی فەیلەسووفو دیدوبۆچوونی سەبارەت بە بلیمەتی، عەلی وەردی لەروانگەی ئەم فەیلەسووفەوە باس لەوەدەكا: "بلیمەتی سروشتێكی سۆفیگەرانەی هەیە، لەو كاتەدا دەچێتە حاڵەتی داهێنانەوە، لەهەستەوەرەكانی دەچێتە دەرەوەو هەروەكو سۆفییەكان دەگاتە حاڵەتی بورانەوەو لەهۆش خۆچوون".

سەبارەت بە بۆچوونی "توینبی"ش دەربارەی بلیمەتی، عەلی وەردی ئاماژە بەوەدەكا "توینبی" پێیوابووە: "بلیمەتی هۆكاری پێشكەوتنی شارستانییەتەكانی مرۆڤایەتییە". واتا لەروانگەی "توینبی"یەوە، كەسێكی ئاسایی موحافیزكارێكی چەقبەستووەو خۆی كۆتو پێوەندی دابونەریتە بۆماوەییەكان دەكا، بەڵام بلیمەت لەو باوەڕەدایە هەڵگری پەیامێكە كە زۆربەی جاریش حەزدەكا لەگەیاندنی پەیامەكەیدا ببێتە قوربانیو وەكو عاشقێكی گڕگرتوو هەنگاودەنێو بێجگە لەپەیامەكەی چیتر نابینێ.

هەربۆیە لەم فەسڵەدا، عەلی وەردی دەگاتە ئەو ئەنجامەی كە لەسەر رووی زەویدا مرۆڤێك نییە توانیبێتی بەشێوەیەكی تەواو خۆی لەپێوەندو چوارچێوە فكرییەكانی رزگاربكاو هەرچەندێك ئەقڵ لەچوارچێوە فكرییەكانی رزگاریبوو، ئەوەندە تواناكانی لەبواری داهێناندا فراوانترو گەورەتردەبێ. بۆیە، عەلی وەردی پێیوایە: بلیمەت بەگوێرەی رێژەی رزگاربوونیان لە چوارچێوە فكرییەكان، دەبنە خاوەنی داهێنانو دەربازبوونی رەها لەچوارچێوە فكرییەكان مەحاڵە، هەروەكو چۆن بلیمەتیی رەهایش مەحاڵە.

* * *

فەسڵی دووەمی ئەم لێكۆڵینەوەیەی عەلی وەردی تەرخانكراوە بۆ قسەكردن لەسەر "لۆژیكی ئەرستۆتالیسی"و نووسەر سەرەتا پێناسەیەكی باوی "لۆژیك"مان پێدەناسێنێ كە: "زانستی ئەو یاسایانەیە، زیهن لەهەڵەی بیركردنەوە دەپارێزێ"، واتا بەتەرازوو و پێوەری بیری مرۆڤ دادەنرێ. .

لەم فەسڵەدا، نووسەر ئاماژە بەبۆچوونێكی فەیلەسووفی ناسراوی ئەڵمانی "كانت" دەكا كە وتویە: "لەرۆژگارەكانی ئەرستۆوە لۆژیك هەنگاوێك نەچۆتە پێشو هەنگاوێكیش نەهاتووەتە دواوە، هەروەكو ئەو شتەی هەبووە تەواوكەرێكی كامڵ بێ". . دوای خستنەرووی ئەم بۆچوونەی كانت، نووسەر رەخنە لەلۆژیكی ئەرستۆ دەگرێو پێیوایە گەورەترین گیروگرفتەكانی لۆژیكی ئەرستۆ ئەوەیە: واقیعی ژیان لەخۆ ناگرێو دەتوانین بە لۆژیكی "بورجی عاج"ی ناوبەرین.

دواتر هەر لەم فەسڵەیشدا، عەلی وەردی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گریكی كۆنو لەمبارەیەوە ئاماژە بە لۆژیك دەكا لەروانگەی سۆفیستاییەكانەوە، واتا مامۆستا گەڕۆكەكانی سەردەمی گریك كە واتای حەكیمەكان-یش دەگەیەنێو ناوبانگیان بەوە دەركردبوو خەڵكی فێری هونەری قسەكردن دەكەن. .

لەمبارەیەوە نووسەر ئاماژە بەوە دەكا: سۆفیستاییەكان فەلسەفەیەكیان هێنایە گۆڕێ كە ناوەڕۆكەكەی دەڵێ: "حەقیقەت رەها نییەو رێژەییە، تاقە پێوەری حەقیقەتیش مرۆڤە بەسەرجەم بەرژەوەندیو ئارەزوو و شەهوەتەكانیەوە". واتا ئەگەر لەم بۆچوونە رێژەییگەرایییەی حەقیقەتەوە، كە سۆفستاییەكان بڕوایان پێیهەبووە لەلۆژیك بڕوانین، ئەوە بەدیدەكرێ لۆژیك رێژەییە. هەرچەندە دواتر عەلی وەردی باس لەوە دەكا: سۆفیستاییەكان لەبەردەم فەلسەفەی ئەرستۆدا تێكشكانێكی وایان بەخۆیانەوە بینی كە ریزەكانیان بەجۆرێك لێكترازا، شتێ نەمێنێتەوە ناوی فەلسەفەی سۆفیستاییبێ، هەربۆیە عەلی وەردی پێیوایە ئەرستۆ گرنگیو كاریگەرییەكی بێوێنەی هەبووە لەمێژووی فیكری مرۆڤایەتیدا. .

هەر لەم فەسڵەداو سەبارەت بە "لۆژیك"، عەلی وەردی باس لەوە دەكا: پێوەرە لۆژیكییەكان چەكێكی كاریگەرن بەدەست مرۆڤەوە، تالەرێگایەوە ئەو شتەی دەیەوێتو ئارەزووی دەكا بەكاریبهێنێ. واتا رێژەیی پێوەرە لۆژیكییەكان بەراددەیەكە كە هەمووان پێیدەوێرنو لەلایەن هەموو كەسو بەرەو تیپو دەستەو تاقمێكەوە بەكاردەهێنرێو دەكرێتە پاڵپشت بۆ بیروبۆچوونەكانیانو رەوایی بەخشین بەكارەكانیانو لەهەمان كاتیشدا دەشێ دژی بیروبۆچوونە جیاوازەكانیش بەكاربهێنرێ.

www.kurdistannet.org
19-2-2003 12:45

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چەمکی "لۆژیك"و لەم فەسڵەدا، عەلی وەردی باس لەوە دەکا: لۆژیکییە کۆنەکانی مێژوو سێ یاسایان داڕشتووە، و لەمبارەیەوە نووسەر پێیوایە: ئەگەر لەو سێ یاسایەی لۆژیك بکۆڵینەوە، ڕادەی ئەو دەلاقە فراوانەمان بۆ دەردەکەوێ کە دەکەوێتە نێوان لۆژیك و واقیعەوە. .

یەکەمین یاسای لۆژیك لەدیدی لۆژیکییە کۆنەکانەوە، هەروەك عەلی وەردی ئاماژەی بۆ دەکا، یاسای خۆیەتییە" کە تیایدا هەموو شتێك بەتەنها خودی کەسەکان خۆیانەو عەلی وەردی پێیوایە دەشێ ئەم یاسایە بەیاسای حەقیقەتی چەسپاو دابنرێ، کە هەڵبەت لەمبارەیەوە بۆچوونی جیاواز هەیە کە ئەم یاسایە بەحەقیقەتی چەسپاو نازانێ بۆ قسەکردن لەسەر لۆژیك.

یاسای دووەمیان کە لێرەدا "وەردی" ئاماژەی بۆ دەکا، یاسای نادژەکانە، واتا: هیچ شتێ لەیەك کاتدا حەق و ناحەق نییە. کە ئەمەیش ڕەهایی حەقیقەت دەگەیەنێ، هەربۆیە لەمبارەیەوە و سەبارەت بە ئەم یاسایە، عەلی وەردی ئاماژە بەبۆچوونی چەندین فەیلەسووف دەکا، لەوانە: هیگڵ و ئیبن خەلدون.

یاسای سێیەمیش کە تایبەتە بە لۆژیك و لێرەدا عەلی وەردی قسەی لەسەر دەکا، یاسای "ناوەندی بالآکراوە" کە بەگوێرەی ئەم یاسایە، جیهان تەنها لەدوو لا، یاخود لەدوو بەرە پێکهاتووە و سێیەمیان بوونی نییە. . واتا جیهان دابەشی خێر و شەڕ، یان جوانی و ناشیرینی، یاخود: حەق و ناحەق دەکرێ. . بۆیە، سەبارەت بە ئەم یاسایە، عەلی وەردی ئاماژە بەوتەیەکی "عیسا"ی پێغەمبەر دەکا کە وتویە: "ئەو کەسەی لەگەڵماندا نییە دژی ئێمەیە"، یاخود پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد فەرموویەتی: "من غشنا فلیس منا"و عەلی وەردی پێیوایە ئەم دوو لۆژیکە، یاخود ئەم دوو مەنتقە لەگەڵ ئەم یاسایەیاندا یەکانگیردەبێتەوە کە یاسای ناوەندی بالآکراوە.

سەبارەت بەلۆژیکی ئەرستۆیی" کە لەسەرەتایی ئەم فەسڵەدا عەلی وەردی ئاماژەی پێکردبوو، دواتر نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لۆژیکەو باس لەوە دەکا ئەو کەسەی گیرۆدەی لۆژیکی ئەرستۆییبێ، زیان بەخۆی دەگەیەنێ و لەسێ لایەنەوە بەربەست دەخاتە سەر ڕێگای سەرکەوتنەکانیەوە، کە ئەوانیش ئەمانەن:

یەکەم/ دوژمنی زۆر دەبێ و هاوڕێ و خۆشەویستی کەم دەبن.

دووەم/ زیان بەخۆیان دەگەیەنن، چونکە لەکاتێکدا سەرجەم خەڵکی بە لۆژیکیی دادەنێن و داوایشیان لێدەکەن پێوەری ئەرستۆیی بەرکاربهێنن، کاتێك دەبینن کەسێك پێچەوانەی دیدو بۆچوونەکانیان ڕەفتاردەکا، بەتوڕەییەوە دەنگ بەرزدەکەنەوەو هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەی لێدەکەنەوە.

سێیەم/ مرۆڤ ڕووەو ڕووخان و هەرەسی تەواو دەبا، چونکە بەربەست دەخاتە نێوان تاك و بەکارهێنانی هێزە دەروونییە نائاساییەکانەوە.

*        *        *

فەسڵی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر ئیرادەو سەرکەوتن.

لەسەرەتای ئەم فەسڵەدا، نووسەر باس لەچەمکی ئیرادە دەکا کە هەر لەکۆنەوەو لەلای بیرمەندو فەیلەسووفەکان بەگرنگییەوە باسی لێوەکراوەو زۆر لەفەیلەسووف و بیرمەندەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئیرادە گرنگی هەیە لەبەدەستهێنانی خەون و پرۆژەکاندا، بەوەی "سەرکەوتن لەڕێگای تێکۆشانەوە بەدەستدێ" کە ئەمە ئەو مەنتقە، یاخود ئەو پرەنسیپیە عەلی وەردی نایەوێ بڕوای پێبهێنێ و بە بۆچوونێکی خراپی ناودەبا. بۆیە، عەلی وەردی لەم فەسڵەداو سەبارەت بە ئیرادە، ئەو بڕوایە دەخاتە ڕوو کە ئیرادە بەتەنها بەس نییە بۆ بەدەستهێنانی شتێك، لەوانەیە هەندێ جار ئیرادە ببێتە بەربەست لەبەردەم سەرکەوتندا، چونکە مرۆڤ ئامێرێك نییە تاوەکو بۆ هەر شوێنێك بمانەوێ ئاڕاستەیبکەین. بۆیە، عەلی وەردی وەك بیرمەندانیتر لەم فەسڵەدا گرنگی بەئیرادە نادا، بەڵکو زیاتر گرنگی بەنەست دەدا (هەروەك چۆن فەسڵی چوارەمی کتێبەکەی بۆ تەرخانکردووە) و جارێکیتر عەلی وەردی دەربارەی ئیرادە دەنووسێ: "ئیرادە هەندێ جار ڕێگرێکە لەبەردەم سەرکەوتنی مرۆڤدا، ئەو کەسەیش کە لەهەموو کاتێکدا ئیرادە بەکاردەهێنێ، بەبێ ئەوەی هەست بکا، زیان بەخۆی دەگەیەنێ".

هەربۆیە بۆ نرخاندنی نەست و کاریگەریی گرنگی نەست بەسەر مرۆڤەوە، لەم فەسڵەدا نووسەر تەئکید لەوە دەکاتەوە: ئەگەر ئیرادە پێچەوانەی نەست (واتا لاشعور) بێ، زیانبەخش دەبێ و بەپێچەوانەیشەوە ئەگەر ئیرادە لەگەڵ نەستدا یەکبگرێتەوە، ئەوکات سوودبەخش دەبێ.

هەر سەبارەت بەوەی کە ئیرادە ئەو گرنگییەی نییە لەلای نووسەر، دەبینین هەر لەم فەسڵەدا نووسەر بانگەشەی ئەوەی دەکا کە پێویستە لەسەر بەخێوکەران لەجیاتی ئەوەی هانی منداڵەکانیان بدەن ئیرادەی سەرکەوتنیان هەبێ، هانیان بدەن لەزیهنیاندا خەیاڵی

سەرکەوتن تۆماربکەن. هەربۆیە، لەمبارەیەوە عەلی وەردی ڕووداوێك باس دەکا کە باوکێك سەرکۆنەی کوڕەکەی دەکا بەهۆی ئەوەی کە لەخوێندن دواکەوتبوو، بەکوڕەکەی دەڵێ: "ناپلیۆن لەتەمەنی تۆدا لەپۆلی پێنجەم بوو، بەڵام تۆ تازە بەتازە لەپۆلی دووەمدای". کوڕەکەیش بە باوکی دەڵێ: "بەڵام باوکەگیان، ناپلیۆن کاتێك لەتەمەنی تۆیشدابوو، بووبوو بەئیمپراتۆر".

* * *

فەسڵی چوارەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە کە (35) لاپەڕەی کتێبەکەی گرتووەتەوە، تەرخانکراوە بۆ هێزە ناهەستییەکان. .

سەرەتا نووسەر ئەوانەی باوەڕیان بە ئەقڵی ناوەوە هەیە دەکاتە دوو بەشەوە، کە بەشی یەکەمیان سەر بە قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونین و لەو باوەڕەدان ئەقڵی ناوەوە کانگای هەموو ئارەزووە سەرکوتکراوەکانی مرۆڤەو بەشی دووەمیشیان لەو باوەڕەدان ئەقڵی ناوەوە جێگای نیشتنەوەی سروشی ئیلهامەکانی مرۆڤە، هەروەها کانگای بلیمەتی و پێغەمبەرایەتی و داهێنانەکانە.

دواتر، لێکۆڵیار باس لەوە دەکا: کۆمەڵەکانی لێکۆڵینەوە دەروونییەکان لەبریتانیا و هەندێ وڵاتانی تردا گەیشتوونەتە ئەو راستییەی مرۆڤ خاوەنی چەندین هێزی نائاسایی دەروونییە، کە گرنگترینیان سێ شتن، ئەوانیش: "گواستنەوەی فیکرەکان، بینینی شتەکان لەو دیوی بەربەستەکانەوە، و پێشبینی"ن.

لەم فەسڵەدا و بۆ قسەکردن لەسەر ئەقڵی ناوەوە و هێزە ناهەستییەکان، دکتۆر عەلی وەردی دەگەڕێتەوە بۆ دیدو بۆچوونی چەندین دەروونناس و بیرمەند کە لەمبارەیەوە دواون.

لێرەدا لێکۆڵیار دەگەڕێتەوە بۆ دوو گریمانەی هەریەکە لە "تشنەر"و "سنیل" کە کورتەی گریمانەکەی "تشنەر" بەوجۆرە دەخاتەروو بەوەی ئەقڵی ناوەوە هەرکاتێك هەلی بۆ بڕەخسێ و ئەقڵی دەرەوەی لەکاربکەوێ، دەتوانێ مێشکی خەڵکی دیکە بخوێنێتەوەو پەردە لەسەر کارە غەیبییەکان هەڵبداتەوە.

سەبارەت بە گریمانەکەی "سنیل"یش، عەلی وەردی ئاماژە بەوە دەکا: "سنیل" لەوەباوەڕدایە مێشکی مرۆڤ وەکو ئامێرێکی بێتەل وایە، تەنها جیاوازییان لەوەدایە مێشکی مرۆڤ مادەیەکی زیندوو لەسەر شێوەی خانە وردەکان و مولوولە دەمارییەکان پێکهاتووە، لەکاتێکدا ئامێرە بێتەلەکە لەمادەیەکی ئەندامی ( ìæÖÜ ) و لەسەر شێوەی "پیل و تەل" دروستکراوە.

هەر سەبارەت بە گرنگیی ئەقڵی ناوەوە، یاخود هێزە ناهەستییەکان، هەر لەم فەسڵەدا لێکۆڵیار باس لەوە دەکا ئەقڵی ناوەوە لەکاتی نووستنی ئاساییدا کراوەیە بۆ هەموو وەرگرتنێك و زۆربەی جاریش بەبەتاڵکردنەوەی ئارەزووە سەرکوتکراوەکانەوە خەریکە، هەربۆیە عەلی وەردی پێیوایە ئەقڵی ناوەوە، ئەقڵی ئیمان و باوەڕی پتەوە، بەڵام ئەقڵی دەرەوە ئەقڵی بیرکردنەوەو گومان و فەلسەفەکردنە، بۆیە نووسەر پێیوایە مرۆڤ دەتوانێ بەهۆی "ئیحا"و دووبارەکردنەوە سوود لەبەرهەمی ئەقڵی ناوەوە وەربگرێ.

لەکۆتاییەکانی ئەم فەسڵەدا، نووسەر دەگاتە ئەو ئەنجامەکەی ئەقڵی ناوەوە هیچ سەلماندنێکی مەنتقی ناناسێ و سوودی لێوەرناگرێ، بێجگە لەدووبارەکردنەوەی ئەو بیرەی کە مشتومڕ هەڵناگرێ، هیچ شتێکی تر لەئەقڵی ناوەوەدا سودمەندنابێ.

* * *

فەسڵی پێنجەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە دوایین فەسڵە، تەرخانکراوە بۆ باسکردنی دەروون و ماددەو نووسەر بڕوای بەو تێزە هەیە کە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان دەروون و مادەدا هەیە، بەوەی فیکر کار لەجەستە دەکاو جەستەیش کار لەفیکر.

هەر لەم فەسڵەدا، نووسەر بەگرنگییەوە باس لە کاریگەریی لایەنی دەروونی دەکا کە کار لەجەستە مادییەکەی دەکاو پێیوایە مرۆڤە سەرەتاییەکان لەبەکارهێنان و بەرهەمهێنانی هێزە دەروونییەکاندا دە هێندەی مەدەنییەکان کارامەو لێهاتوترن و هەرچۆنێ شارستانییەتە مادییەکەی ئاڵۆزتربێ و روناکبیرییە ئەقڵییەکەی زیاتربێ، ئەوەندە هێزە دەروونییەکانی لاوازدەبێ، واتا دەروون و ماددە لەدوو لایەنی پێچەوانەدان. هێزێکیان لەسەر حیسابی ئەویتریان بەهێزدەبێ.

هەر لەم فەسڵەدا، جارێکی تر لێکۆڵیار دەگەڕێتەوە بۆ قسەکردن لەسەر بلیمەتی و پەیوەندی بەشێتییەوەو هەروەها زیاتر رۆشنایی دەخاتە سەر رۆڵی لایەنی دەروونی و نەست بەسەر مادەوە.

* * *

لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیشدا، نووسەر جارێکی تر تەئکید لەوە دەکاتەوە پرەنسیپی "هەر کەسێك بەدوای کارێکدا بڕوات بەدەستی دێنی"، دەکرێ لەپەروەردەکردنی مناڵ و مێرمنداڵەکاندا بەکاریبهێنین، بەڵام پرەنسیپێکی مەترسیدارە ئەگەر تەڵقینی گەورەکانی پێبدەین. چونکە ئەگەر لەناو گەورەکاندا بڵاوبووەوە، دەبێتە بەڵگەیەك بەدەست بەهێزەکانەوە بۆ ئەوەی لاوازەکانی پێ قوتبدەن و بیانچەوسێننەوە. .

هەر لەم ئەنجامەداو سەربارى خستنەرووى تەوەرو بابەتەكانى هەريەك لە فەسڵەكانى ناو لێكۆڵینەوەكە، لێكۆڵیار دەگاتە ئەو بڕوایەى: ئەو پشت ئەستوورییەى باوباپیرانمان تەنها بەئەقڵى هۆشیاریى مرۆڤ رووبەرووى كۆمەڵێكى زۆر لەتەنگژەو كارى خراپى كردوونەتەوەو پێیوایە نەزانى و بێئاگایى لەنەستى مرۆڤو پێكهاتەكانى وایلێكردبوون لەو باوەڕەدابن مرۆڤ هەرچ كاتێك بەچاكى بیرى كردەوەو هەوڵێكى زۆرىدا، دەتوانێت بگاتە سەركەوتن و حەق و دادپەروەریى.

عەلى وەردى لەسەر بۆچوونەكانى بەردەوامدەبێ و دەنووسێ: "باپیرانى ئێمە بەسەرنەكەوتوویەكیان دەگوت: "هەر كەسێك هەوڵبدات بۆ كارێك بەدەستىدەهێنێ". بەتاوانبارێكیان دەگوت: "بگەڕێوە بۆ ئەقڵى خۆت". بەزاڵمێكیان دەگوت: "ئایا ویژدانت نییە؟". لەو هەموو گوتەیاندا تارادەیەكى زۆر بەهەڵەداچووبوون".

هەر لەم ئەنجامەدا، نووسەر دەگاتە ئەو بڕوایەى: دووفاقیزمى كەسێتى و كەرتبوونى ویژدان دوانەیەكى تەواوكەریى یەكترین ولەكۆمەڵگاى مرۆڤایەتییدا كەسێك نییە خاوەنى ویژدان نەبێ، چونكە ویژدان هەروەكو كەسێتى لەهەموو كەسێكدا هەیە، بەڵام لەرێرەوو ئاڕاستەكانیدا، جیاوازییان هەیە.

* * *

ئەوەى دەشێ لەكۆتاییدا سەبارەت بە ئەم لێكۆڵینەوەیەى كۆمەڵناسى عیراقى دكتۆر عەلى وەردى ئاماژەى پێبكەین، بۆ نووسینى ئەم لێكۆڵینەوەیەى سوودى لەپەنجا سەرچاوەى عەرەبى و ئینگلیزى وەرگرتووە، تەنها دوو خاڵە، ئەوانیش: یەكەمیان پەیوەندى بەلێكۆڵینەوەكە هەیە، كە نووسەر لەناو لێكۆڵینەوەكەیدا جاروبار چیرۆكمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەستەواژەى رەنگە، پێدەچێ و هەروەها لێكۆڵیارێك وا دەڵێ. . هتد بەكاردەهێنێ، كە ئەم دەستەواژانە كەمتر لەلێكۆڵینەوەى زانستیدا جێگایان دەبێتەوە، كە دەشێ چیرۆك گێڕانەوە لەلێكۆڵینەوەى زانستیشدا هەبن، بەڵام جێگاى خۆى هەیەو زیاتر وا باوە لەپەراوێزدا دەنووسرێنەوە. سەبارەت بە ئەوەیشى كە دەنووسێ: لێكۆڵیارێك یان یەكێك لەلێكۆڵەرەكان، ئەگەر سەرنج بدەین بۆ نمونە لەلاپەرە (51) ى كتێبەكەیدا نووسەر ئاماژە بەم وتەیە دەكا: "هەموو پیاوێك ئەو شتەى لەكچێكدا خۆشدەوێ كە لەدایكى خۆى بچێ"و ئەم وتەیە بەناوى یەكێك لەلێكۆڵیارەكان بڵاودەكاتەوە، كە لەراستییدا ئەمە وتەى دەروونناسى بەناوبانگ "سیگمۆند فرۆید"ە" كە هەر لەسەر ئەم بنەمایە گرێى "ئۆدیب"ى دۆزییەوە. زۆر سەیرە لەم لێكۆڵینەوەیەداو لەخستنەرووى ئەم وتەیەدا، دكتۆر عەلى وەردى ناوى فرۆیدى نەهێناوە. . و هتد.

تێبینى دووەمیشم، شەبارەت بە وەرگێڕانە، كە سەربارى ماندووبوونى زۆرى وەرگێڕى كوردى "سەمەد زەنگەنە"، كە كتێبێكى باشى وەرگێڕراوى پێشكەش بە كتێبیخانەى كوردى كردووە، بەڵام دەسكارى كۆمەڵێ لەنمونەكانى عەلى وەردى كردووە كە بۆ ئەمانەتى وەرگێڕان شیاونییە. بۆ نمونە لە لاپەرە (49) دا، لەبرى شەقامى "الرشید" كە نووسەر نووسیویەتى، ئەم (واتا وەرگێڕى كوردى) كردوویەتى بە شەقامى "سالم"!و دواتر ناوى باڵەخانەكانى عەلى نەمەلى و ئوتێل ئاشتى لەبرى چەند باڵەخانەیەكى تر داناوە كە لەگەڵ كارى وەرگێڕاندا یەكانگیرنابێتەوە. . یان لەلاپەرە (50) دا دەستەواژەى "سەردەمى شێخى نەمر"ى نووسیووە كە نازانم لەكوێوەو بەرانبەر بەچ دەستەواژەیەكى عەلى وەردى دانراوە!! ئەمە سەربارى ئەوەى كە بۆ خۆى دەیان پەراوێزى داناوە هەندێكیان لەجێگاى خۆیاندا نین، بۆ نمونە لەلاپەرە (130) داو لەپەراوێزەكەیدا، مەلایەكى چەمچەماڵى بەفەیلەسووف داناوە! كە ئەم حوكمە بۆ ناو نەك هەر لێكۆڵینەوەیەكى زانستى وەكو ئەمەى عەلى وەردى، بەڵكو بۆ ستوونێكى رۆژنامەنووسى ناو رۆژنامەیەكیش حوكمێكى قورسە مەلایەك بكرێتە فەیلەسووف! ئەمە سەربارى ئەوەى وەرگێڕى كوردى لەكاتى وەرگێڕانى ئەم كتێبەى عەلى وەردىدا، بەشێكى زۆرى كتێبەكەى لەعەرەبییەوە نەكردووتە كوردى و تەنانەت ئاماژەیەكیشى بەم لایەنە نەكردووە“ كە ئەمە لەگەڵ ئەمانەتى وەرگێڕاندا یەكانگیرنابێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەشێ ئەوە بڵێین چاپكردنى ئەم كتێبە لەلایەن بەڕێوەبەرێتیى خانەى وەرگێڕانى سەر بە وەزارەتى رۆشنبیریى، بە خزمەتێكى بەرچاو دادەنرێ بۆ كتێبخانەى كوردى.

## تێبینى كوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونى نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونى (كوردستان نێت)ە، بەڵآم بەهۆى بڕوا بوونمان بە ئازادى دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانى بیرى نەتەوایەتى و خەباتكارانى ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێكدا دەنووسرێت.......... 15-1-2003